## (( دەمێکە دایکم چاوی بڕیوەتە ئەم دەرگایە ))

Larzobaker@hotmail.com
لارزۆ بەکر 2005 06 14

پێشکەشە بە (17) ساڵ تێپەربون بە سەر
ون بوونی براکەم ( سەردار) . دوا شالاوی
ئەنفال لە رێکەوتی 1988 06 15 رواندزی
گرتەوە ئەمیش یەکێک بوو بەر ئەم شالاوەکەوت.

دەوەرەوە تو خوا
بۆ دوواجار لەم دەرگا شینە بدە
ئەم دەرگایەی لێوەی دەرچویت
نەگەڕایتەوە بۆ یەک جاری.
وەک تینویەتی : چاوەڕوانی دایکم بشکێنە
دەمێکە دایکم چاوی بڕیوەتە ئەم دەرگایە ،
ڕۆژگارێکە بە دیار ژوورەکتەوە دەگری
لەو ڕۆژەی تۆ پێت نەکردۆتە ژوورەکەت
دایکیشمان سەری نەکردوە بەم ژورەدا ،
تا بۆ دوواجار کڵۆمیاندا بۆ یەک جاری .
دەوەرەوە دیسانەوە تاقیکردنەوەم هەیە
ئەم جارەیان بم بە تا بەردەم تاقیگا
چۆن سەر پردەکەم بەرنەدا تا دووا نیگاتم بینی ؟!
تۆش هەروا تا دووا چرکە چاوەرێمبە .
دەوەرەوە لەوەتەی تۆ نیت لەم ماڵەدا
هیچ شتێ بەسەر پێوە نەماوە ،
نە پێکەنینمان ...
نە گۆرانی ...
نە گریان ...
نە سەیران ...
دایکمان گۆشەی خەموو داخت کوشتی
نە لە هاویناندا دەچێ بۆ ( بێخاڵ ) و ( جوندیان )
نە نەورۆزان بۆ ( بێرۆ )
هەرهەمومان بەدزیەوە پێدەکەنین
بە منگە منگ گۆرانی دەڵێین
بە ترسەوە دەخەوین بەترس ...

هەرهەمومان بەیەکەوە دەگرین ،
دەوەرەوەو بەژداربە لە دووا ڕووداوەکان
دەوەرەوەو چیرۆکی خانەوادەکەمان بخوێنەوە
وەرەوەو تۆش سەرپشکبە لەم گریانە
ئەو گریانەی کەس نایبینێ خۆمان نەبێ
کەس نایبیستێ خۆمان نەبێ .
بەس ئەم جارەیان وەرەوەو بەس
دووا فرمێسکی دایکم بسڕە ،
وەرەوەو دووا چاوەڕوانی بشکێنەو
دووا فەرامۆشی بدەوە ...
باوکم ڕزگار بکە لە دووا مەراقی................ ،
بەس وەرەوە ئەم جارەیان
دەربازنامەی گشت سنورەکانت بۆ پەیداکەم
وەرەوەو: ئەمجارەیان دەستێ بێنە بەسەری هەمومان‌دا
بـــــــەس....مــن نـــــــا
چونکە ئەم سەرەی من لەڕووی دووا دیدەنیت
قەلای پاشای گەورەیە و
جەبەخانەی وەستا ڕەجەبە ...
تۆ لە ناخمدای لەهەر کوێ هەیت
ڕۆژنیە بەدیار برینەکانتەوە نەگریم
ڕۆژنیە زەردەخەنەکەتم  نەیەتەوە یاد
ڕۆژنیە بەم تولە ڕێگایانەدا نەڕۆم
کە ئێواران گوزەرت پێدادەکرد
شوێن پێکانتم هەڵگرتۆتەوە
وەک وێنەکانی هەرزەیم
وەک دووا دیدارت
وەک ئەو وێنەی بەر لە ون بوون
بۆ یادگاری کە داوتە پێم .
دووای کوژانەوەی دوو مۆمی چاوی ڕەشت
ئالای ڕەشم هەڵکرد
ڕەشم پۆشی و
ڕەشم خۆش ویست
هەتا ڕەشیشم کردە ملوانکەیەک و

**به ملی تەنیایمدا هەڵم واسی .... .**

**چەند تێبینیەک..**

**1 منی دەبرد بۆ تاقیکردنەوی بەکەلۆری لە سەر پردەکی کەولۆکەن گیراین.**

**2 بێخاڵ....جوندیان دوو شوێنی هاوینە هەوارن لە ڕواندز.**

**3 بێرۆ.. شوێنێکە تەنها نەورۆزان خەڵکی ڕواندز دەچن بۆ ئەویٚ.**

**4 پاشای گەورە یان پاشاکوێر**

**5 وەستا ڕەجەب.... دروستکەری شتومەکی جەنگی بوو بۆ پاشای گەورە.**

**بەداخێکی گەورەوە بۆ ڕواندز کە تاوەکو ئێستا ئاوڕێکی ئەوتۆی لێنەدراوەتەوە لە هەرچی جەنگەکانی ناوەخۆ و دەرەوە هەیە زۆربەی جار بۆتە قوربانی..........**